Kurdistannet کوردستان نێت

# وەڵامی نامەی "دەستەیەك پێشمەرگە و خەباتكاری كۆنی ڕۆژهەڵاتی كوردستان لە دەرەوەی وڵات"

دۆستانی بەرێز، پێشمەرگە وخەباتگێرانی دێرینی كوردستانی ڕۆژهەڵات!

نامەی پڕ هەست و سۆز و بیرمەندانەی ئێوەی بەرێزمان پێگەیشت و بە ڕێزو بایەخەوە هەڵمانسەنگاند.

هەموو لایەك ئاگادارن كە, ماوەی 2 ساڵە, هەرجار نەجارێ, هێرشێكی تەبلیغاتی لە دژی یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان لە سایتی بروسكەوە, كە لە لایەن ئەندامی كۆمیتەی ناوەندیی كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانەوە بەڕێوەدەبرێ؛ بەرپا دەكرێ كە هێندێك درۆ و دەنگۆی بێبناغە, بوختان و ئیتیهامی نارەوا و پەلاماری شەخسی و سووكایەتی كردن بە تێكۆشەرانی یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان لەخۆ دەگرن.

ئێمە لە پێناو پێشگیریی لە ئاڵۆزیی نێوان حیزب و لایەنەكانی كوردستان, لە بڵاوكردنەوەی ئەو نووسین و بابەتانەی چ بەناوی ڕاستەقینە و چ بەناز ناوەوە لە وەڵامی ئەو هێرشانەدا, بۆمان دەنێردران, خۆمان دەپاراست.

بەڵام كاتێ لە ڕێكەوتی 2004/9/24 دا, هەر لەو سایتەوە, نووسینێك بە ئیمزای "مام ئاكۆ" ناوێك بڵاوكرایەوە كە تێیدا, شاعیرێكی نەتەوەیی وەك ئوستاد جەلال مەلەكشا لەسەر دانانی شیعر بۆ ڕێبەری شەهیدی یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان، ڕچەشكێنیڕێبازی ڕزگاری و سەربەخۆیی كوردستانی ڕۆژهەڵات كاك سەعید یەزدانپەنا, بەر پەلامار دراوە و بێحورمەتیی بە ڕێبەرێكی كورد دەكا كە 13 ساڵ لەمەوبەر بە دەستی كۆماری ئیسلامی شەهید كراوە و سووكایەتیی بە كەسانێك دەكا كە ئەمڕۆ سیمای كەسایەتی پتەوی نەتەوەیی كوردن و بە ئاشكرا هاوار دەكەن بەڵێ كوردین, ناسیونالیست و نەتەوەیین"دەریش كەوت كە "مام ئاكۆ" ئەندامی كۆمیتەی ناوەندیی ئەوسازمانیە، ئیتر نەمانتوانی لەبڵاو كردنەوەی ئەو بابەت و نووسینانەی لە وەڵامی كلۆی "مام ئاكۆ"دا, بەردیان تێگرتبوو, خۆببوێرین و خۆشمان ئەوەمان بە ڕەوا نەزانی كە لە حاڵێكدا سایتی بروسكە بە سەخاوەتەوە هەموو جنێونامەكانی مام ئاكۆ لە دژی ئوستاد جەلال مەلەكشا و ڕێبەرانی شەهید و زیندووی ئێمە, بڵاو دەكاتەوە بەڵام لە بڵاوكردنەوەی هەموو وەڵامەكانیان خۆ دەبوێرێ"دەست بپارێزین. بە لام ئێمە لەوحاڵەشدا, وێڕای بڵاوكردنەوەی بەشێك لەو وەڵامانەی كە بە "مام ئاكۆ" دراونەتەوە, هەموو ناماقووڵییەكانی ئەومان وەك خۆی بڵاوكردەوە.

ئێستاش كە ئێوەی بەریز و ژمارەیەكی دیكە لە دۆستان و خەمخۆرانی كێشەی گەلەكەمان دەمكوت كردنی "مام ئاكۆ" و هاندەرانیتان پێ بەسە, بەحورمەتی خەبات و تێكۆشان و كەسایەتیتان, بەداوای لێبوردن لە نووسەرانی بابەتەكان, جارێ لە بڵاوكردنەوەیان دەس ڕادەگرین. بەڵام ڕاشكاوانە ڕادەگەیەنین كە هەر جۆرە هێرشێكی تەبیلغاتی بۆ سەر یەكێتی شۆڕشگێڕانی كوردستان و خەباتگێڕانی شەهید و زیندووی, سەر لەنوێ سایتەكەمان دەكاتەوە مەكۆی بەرپەرچدانەوەی لەو تەرزە!

سایتی www.ruk2691.com, لەمەودوواش هەر, بڵاوكەرەوەی بیری نەتەوەییو هاندەری بەهێزكردنی بزافی ناسیونالیزمی كوردی و ڕێكخەر و جۆشدەری خەبات بۆ ڕادانی داگیركەران لەكوردستان ورزگاری و سەربەخۆیی دەبێ.

**دەستەكانتان بە گەرمی دەگوشین**

**بەڕێوەبەرایەتی سایتی www.ruk2691.com**

**2004/11/2**